Est.1994

# JCL

Journal of the College of Languages
Open Free Access, Peer Reviewed Research Journal
http://jcolang.uobaghdad.edu.iq

P-ISSN: 2074-9279
E-ISSN: 2520-3517
2023, No.(48)
Pg.283-305

# Dialogue Technique
# In (Agri bn Ka) Novel of Saeed Nakam

**Zhwan Abdul-Salam Azeez Gardi, Ph.D. Candidate**
Zhwan.azeez@su.edu.krd**E-mail:**
Shaqlawa College of Education, Department of Kurdish, Salahaddin University-Hawler, Iraq
**(Received on 14/11/2022 - Accepted on 20/3/2023 - Published on 1/6/2023)**
**DOI:**https://doi.org/10.36586/jcl.2.2023.0.48.0285
**This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License**

## Abstract

This research is an attempt to analyze the dialogue techniques in the novel (Agri bn Ka) by (Saeed Nakam) and present the importance of these techniques in exposing the characters. This is because dialogue is one of the main and foundational columns and cores of the novel events through which the characters' roles will be revealed while communicating and addressing one another. Despite this, dialogue represents the thinking method, way of living, educational level, open-mindedness, and maturity of the novel characters. Therefore, the dialogue technique in (Agri bn Ka) novel has been made the title of this research. Further, this research tries to present the novelist's dominance and power in the dialogues and it is by the characters' dialogues that (Saeed Nakam) is able to convey his political and social messages. This research is divided into two sections: the first section is theoretical one and deals with the definitions, history, language and significance of dialogue. While the second section is practical and application to the selected novel and analyzes the types and methods of the novel dialogues. Finally, the most important findings and conclusions as well as the consulted sources are provided.

**Keywords**: Technique, Dialogue, Novel, Agri bn Ka, and Novelist (Saeed Nakam)

# تەكنیكی دیالۆگ
# لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی سەعید ناكامدا

د. ژوان عبدالسلام عزیز
کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە – بەشی کوردی / زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر

**پوختەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە (تەکنیکەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی (سەعید ناکام) شیکار بکرێت و گرنگییەکەی لە خستنەڕووی کەسایەتییەکان بەدەربخات، چونکە دیالۆگ یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکی و بنچینەییەکانی چنینی ڕووداوەکان لە ڕۆماندا، کە لەمیانییەوە ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە ساتی گفتوگۆکردنی نێوانیانەوە بەدەر دەکەوێت، سەرەرای ئەمەش دیالۆگ شێوازی بیرکردنەوەو چۆنییەتی ژیان و ئاستی ڕۆشنبیریی و تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی کەسایەتییەکان لە نێو ڕۆماندا دەنوێنێت، بۆیە تەکنیکی دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)دا کراوە بە ناونیشانی توێژینەوەکە، بۆ ئەوەی باڵادەستی ڕۆماننوس لە چینینی دیالۆگ لە ڕۆمانەکەیدا بخرێتەڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا (سەعید ناکام) پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەیەوە خستۆتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەکە دوو بەشی لە خۆ گرتووە، بەشێکی تایبەت کراوە بە لایەنی تیۆری سەبارەت بە پێناسەو مێژوو و زمان و گرنگی دیالۆگ، بەشەکەی تریشیان لایەنی پراکتیکی ڕۆمانەکەیە، بۆ ئەوەی جۆرو شێوازەکانی دیالۆگ لە ڕۆمانەکەدا شیکار بکەین، لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی ئەم توێژینەوەیان پێکهێناوە خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** تەکنیک، دیالۆگ، ڕۆمان، ئاگری بن کا، ڕۆماننوس (سەعید ناکام).

## 1- پێشەکی

دیالۆگ دەرکەوتەیەکی مرۆڤانەیەو هەر لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی پەیدابووە، بەهۆیەوە توانیویەتی ڕێگای ژیانی بدۆزێتەوەو بەردەوام بێت، واتە دیالۆگ جۆرێکە لەجۆرەکانی گوزارشتکردن و گەیاندنی پەیام، کەسایەتییەکان پێی دەدوێن لەبارەی بابەتێک، ئەمەش فۆڕمێکە کەسایەتییەکان لەکاتی گفتوگۆکردن و قسەکردن پشتی پێ دەبەستن بەشێوەیەک کەجێی بایەخ بێت. بەهۆیەوە بیروبۆچوونەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و بیرۆکەکانی تاک لەبەرامبەر یەکتر ئاشکراو ڕوون دەبێت. هەر ئەمەشە وای لە ڕۆماننوسان کردووە بۆ گێڕانەوەو گەیاندنی مەبەستە جیا جیاکان تەکنیکی دیالۆگیان لە چنینەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا بە گرنگ بینیوە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی تەکنیکی دیالۆگ لەگێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، (سەعید ناکام)یش دەستێکی باڵای لەبەکارهێنانی دیالۆگدا هەبووە کە بەمەبەست و بەخشینی پەیامی جیا لەدەقی ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناوە، هەر بۆیە بەپێویستمان زانی لەسەر ئەم بابەتە بنووسین.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی جۆری ئەو دیالۆگانەیە کە ڕۆماننوس ( سەعید ناکام ) لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)دا بەکاریهێناوە بیخەینەڕوو و مەبەستەکانی ڕوون بکەینەوە، بۆیە پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری)مان کردووە تاوەکو بە مەبەستە بەکارهاتووەکانی ڕۆماننوس بگەین.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە بەمشێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە سەرەتایەک بۆ دیالۆگ لە ( واتاو زاراوەو چەمک و مێژوو و زمان و ئەرک و جۆرەکانی دیالۆگ) لەخۆ دەگرێت.

بەشی دووەم: ئەم بەشەش لەژێر ناونیشانی (پراکتیزەکردنی تەکنیکی دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی (سەعید ناکام)دایە، تیایدا ئاماژە بە جۆرەکانی بەکارهاتووی دیالۆگ هەر یەک لە (دیالۆگی ڕاستەوخۆ و دیالۆگی ناڕاستەوخۆ)کراوە.

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین لەگەڵ سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەزمانی عربی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

**2- بەشی یەکەم/ سەرەتایەک بۆ دیالۆگ**

بۆ تێگەیشتن لە واتای دیلۆگ پێویستە باس لەم لایەنانە بکەین

**١-١ واتای دیالۆگ لە (زمان)دا**

دیالۆگ بەستراوەتەوە بە گرنگترین لێکۆڵینەوەی زمانەوانی نوێ کە هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی دواندەری ئەدەبی و شیکاری و بەراوردکردن، بەتایبەتی لەکاری گێڕانەوەی لەو شوێنەی کە دیالۆگ خۆی دەنوێنێ و بەشێکی گرنگە لەڕووداو و دیمەنەکان (أحمد، 2015، ص14)، بۆیە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت بەتایبەت لەڕۆماندا کەلەڕێگەی کەسایەتییەکانەوە دیالۆگ و دواندن ئەنجام دەدرێت؛ بەهۆی گێڕانەوەی نووسەری ڕاستەقینە بۆ ئەو کارە هونەرییە گرنگە.

(زمخشری) لە کتێبی (أساس فی البلاغة) وای دەبینی کە دیالۆگ لە زماندا واتە ((کە گفتوگۆت لەگەڵی کرد، بەقسەکانی دادەچێتەوە، ئەمەش جوانی دوانە، کە دواندت لە نۆرەی خۆی وەڵامت دەداتەوە، بەمەش لەکاتی گفتوگۆکردن وەڵام وەردەگرێتەوە)) (الزمخشری، 1998، ص98) واتە دیالۆگ لەزماندا گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون و پێداچوونەوەی قسەی نێوان دوو لایەنی گفتوگۆکارە.

لەلای (أبن منظور) واتای دیالۆگ لە زماندا (( گەڕانەوەی شتێک بۆ شتێکی تر، یان لەبارەی ئەو شتەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت، ئەوشتەش لەویەوە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، یان گفتوگۆکردن پێداچوونەوەی ژیربێژی و قسەکانە لەقسەکردندا)) (أبن المنظور، 1997، ص182) دیالۆگ ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی لەکاتی قسەکردندا پێداچوونەوە بە قسەکاندا بکرێت، واتە مەودای بیرکردنەوە بەعەقڵ دەبەخشێت تاوەکو وەلامی گونجاو بە بەرامبەری ببەخشێتەوە.

**١-٢ زاراوەو چەمکی دیالۆگ**

دیالۆگ (Dialogue) زاراوەیەکی ئینگلیزییە، لەعەرەبیدا پێی دەڵێن (الحوار)، لەکوردیشدا پێی دەڵێن (گفتوگۆ)، ((چالاکییەکی زمانەوانییە لەگەڵ مرۆڤ دروست بووەو بەبێ دیالۆگ ناتوانێت بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات، ئەمەش شێوەیەکە لەشێوەکانی پەیوەندی کردن لەنێوان تەواوی

مرۆڤایەتی، بۆیە قسە بەئاگایە لەو کاتەی سەرجەم ئەو گفتوگۆیانە دەگرێتە خۆی؛ کە هەڵگری ئەو ئەفکارانەن کی دەیەوێت بە بەرامبەری بگەیەنێت)) (أحمد، 2015، ص15) دیالۆگ گواستنەوەی

بیرەکانن لەیەکێک بۆ یەکێکی تر، بەمەستی کارو ئەرکی جیا جیا، لەبەر ئەوەی ((دیالۆگ ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی دەربڕینی جیاواز، ئەمەش لەگرنگترین ڕێگاکانە کە لەژیانی ڕۆژانەماندا پشتی پێ دەبەستین، کە خۆی لەبنچینەدا هۆیەکی سەرەکییە بۆ گفتوگۆو پەیوەندیکردن)) (أوشان، 2010، ص61) بۆ هەر مەبەستێک ڕێگەیەکی جیای هەیە لەوی تری جیا دەکاتەوە جا گفتوگۆیەکە وەسف بێت، یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی، یان دەربڕی دەروونی، .... بێت.

(جبور عبدالنور) لە فەرهەنگی (المعجم الأدبي)دالەبارەی دیالۆگەوە دەڵێت: ((گفتوگۆیەکە بەلانی کەم لەنێوان دووکەس دەسوڕێتەوە، چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت)) (عبدالنور، 1984، ص100) واتە دیالۆگ لەنیوان دوو کەس و زیاتریش ڕوودەدات، دەکرێت زیاتر لەبابەتێکیش لەنێو گفتوگۆکاران جێگەی باس بێت.

لەلایەکی تر (جیرالد برنس) لە (قاموس السرديات - فەرهەنگی گێرانەوەکان)دا بەشێوەیەکی گشتگیرتر لەسەر دیالۆگ دەدوێ و دەڵێت: ((دیالۆگ نمایشێکی شانۆییە لەبنچینەدا، بۆ گۆڕینی بزەی لێوان کە دوو کەس یان زیاتر دەگرێتەوە؛ لەگفتوگۆکردندا وتەی کەسایەتییەکان پێشکەش دەکرێت؛ بەو شێوەیەی کە پێویستە دەری ببڕن، لەوانەیە ئەو وتانەش بە وشەکانی ڕاوی داهاتبێت، دەکرێت ڕاستەوخۆ وەڵام بدرێتەوە بەبێ ئەوەی لەو وشانەی هەڵێنجرابێت)) (برنس، 2003، ص45) گێرانەوەی بابەتێکە بە جولانی لێوەکان دێتە ئاراوە، ئەو وێنە لە بیری خوێنەر دروست دەکات کە گێڕەرەوە مەبەستیەتی، تاوەکو بەجوانتر شێوە بەناوەڕۆکی بابەتەکەی ئاشنای بکات.

**1-3 پێناسەی دیالۆگ**

پێناسەکردنی دیالۆگ هەر یەک لەرەخنەگرەکان بەپێی تێروانین و گۆشەنیگای خۆیەوە پێناسەیان بۆ ئەم هونەرە کردووە؛ لەوانە: (میخائیل باختین) بۆ پێناسەی دیالۆگ دەڵێت: ((مرۆڤ تەنها لە گفتوگۆدا بوونی هەیە، چونکە (ئەوی دیکە) لەناو خۆیدا بەرجەستەیەو مەحاڵیشە بتوانین لە دەرەوەی پەیوەندییەکانەوە درک بە ئەوی دیکەوە بکەین)) (باختین، 1983، ص5) بەپێی ئەم پێناسەیە دیالۆگ بەتاکە کەسێ دروست نابێت، تەنیا ئەو کاتە دیالۆگ دروست دەبێت کە دوو کەس یان زیاتر هەبێت، هەریەکەیان بە نۆرە دەبنە قسەکەر هەم دەبنە وەرگر، بەمشێویە پەیوەندییەکە دروست دەبێت و ڕایەکانی درکێنراو لەسەر بابەتەکە ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

( جەمال میر سادقی ) پێناسەی (دیالۆگ) دەکات و دەڵێت: (( قسەکردنە لەنێوان دوو کارەکتەر یا زیاتر ئاڵوگۆڕ دەکرێت)) (صادقی، 1385، ص466)، واتە مەرجە بەلانی کەم دوو کارەکتەر بوونی هەبێت تاوەکو قسەکردن لەبارەی بابەتەکە ئاڵوگۆڕ بکرێت.

(باقر جواد الزجاجي) لەپێناسەی (دیالۆگ)دا قوڵتر دەچێتە ناو هونەرەکەوەو دەڵێت: ((سیفەتێکی عەقڵییە، ناسنامەی هزری و دەروونی تایبەتی بەکارەکتەرەکان دەدات، ئەو ناسنامەیەی لەناو دەقی ئەدەبیدا کارەکتەرێک لەوانی تر جیا دەکاتەوە)) (الزجاجي، 1980، ص167) بەو واتایەی هەر کارەکتەرێک خاوەن هزری تایبەت بەخۆیەتی و لەوی تر جیا دەبێتەوە.

(شجاح مسلم العاني) لەرووی کاریگەری دەروونی و لایەنە هزرییەوە پێناسەی دیالۆگمان بۆ دەکات و دەڵێت: (( دیالۆگ تەنیا وێنەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی زمان یان قسەکەرمان پێشان نادات،

بەڵكو بۆی هەیە وێنەی ڕۆحی قسەكەریشمان پێشان بدات)) (العاني، 1987، ص377) واتە خوێنەر لەهەردوو ڕەهەندی دەرەكی و ناوەكی كارەكتەرەكان ئاگادار دەكاتەوە.

(د. نجم خالد ئەڵوەنی) لە بارەی (دیالۆگ)دا دەڵێت: ((دیالۆگ یەكێكە لە تەكنیكە گرنگەكانی گێڕانەوە، بیری كارەكتەر ئاشكرا دەكات، لەوی دیكەی جیا دەكاتەوە)) (ئەڵوەنی، 2017، ل135)، دیالۆگ ڕێگەیەكە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەكان و دەرخستنی بیری كارەكتەرەكان، بێگومان بیركردنەوەو گێڕانەوەی ڕووداوەكان لەلای هەر یەک لەنووسەرەكان لەوی تر جیایە ئەگەر بێت و لەسەر یەک بابەتیش بێت.

هەروەها لەلایەكی تر (د. نجم خالد ئەڵوەنی) دەڵێت: (( نووسەر لەڕێی دیالۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی كۆمەڵایەتی و سیاسی و فیكری و ئایینی كارەكتەرەكانمان پێ بناسێنێ)) (ئەڵوەنی، 2006، ل15) ئاشنا بوونی خوێنەر بەدەروون و باری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و چۆنیەتی بیركردنەوەی كەسایەتییەكانی ناو ڕۆمان بەهۆی دیالۆگەوەیەو یەكێكە لەڕێگاكانی گواستنەوەی وردەكارییەكانی ژیانی كارەكتەرەكان بەشێوەیەكی زۆر جوان.

(د. جەلال ئەنوەر سەعید) بۆ پێناسەی (دیالۆگ) دەڵێت: ((گفتوگۆ ئەو ئاخاوتنە گۆكراوە ئاڵوگۆڕكراوەیە كە لەنێوان كارەكتەرەكانی ڕۆماندا ڕوودەدات، بەشێوەیەک كە ڕێڕەوی ڕووداوەكان لەخاڵێكەوە بۆ خاڵێكی دیكە دەگوازێتەوە، واتە بەشانۆییكردنی ڕووداوەكان)) (سەعید، 2013، ل17) بە واتای گواستنەوەی ڕووداوەكان لەكارەكتەرێكەوە بۆ كارەكتەرێكی تر بەنۆرە، بەشێوەیەک دیمەنێک لەدیدو بیری خوێنەر دروست دەكات؛ وەک بڵێی لەپێش چاوی ڕووداوەكان ڕوو دەدەن، ئەمەش بەزیندووكردنەوەی ڕووداوەكانە لەبەر ئەوەی وەک خۆی دیمەنەكان بەزەینی خوێنەر دەبەخشێت.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین دیالۆگ هۆكارو ڕێگەیەكە بۆ گواستەنەوەی ڕووداوەكان و پێدانی وەسف و دەرخستنی دەروونی كارەكتەرەكان و ئەو بارەی تیایدا دەژیت بخاتە ڕوو جا چ لەنێوان دوو كارەكتەر بن یان زیاتر.

**2- مێژووی دیالۆگ**

لە ژیاندا هیچ هونەرو تەكنیک و زانستێک نییە بنچینەیەكی نەبێت، بێگومان سەرەتاییەكی هەیە بۆ دەركەوتنی، ئەمەش بەیارمەتی هونەری ترەوە سەریهەڵداوەو دواتر دیالۆگ وەک هونەرو تەكنیكێكی سەربەخۆ خۆی دەنوێنێت، لەوانەش تەكنیكی دیالۆگە، مرۆڤ هەر لەسەرتای دروستبوونەیەوە بێ ئەوەی بزانێت دیالۆگ چییە پشتیان پێی بەستووە بۆ گواستنەوەو ئاڵوگۆڕكردنی پێداویستییەكانی ژیانیان.

واتە بازنەی بەیەک گەیاندنە لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگا، سەرەتای دەرک كردنی دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفەكان، واتە ((بایەخ و گرنگی گفتوگۆ لەوێوە سەرچاوە دەگرێ كە فەیلەسوفەكانی وەكو (سوكرات و ئەفلاتوون) لە نووسین و خستنەڕووی بیرو فەلسەفەی خۆیاندا، پشتیان بە گفتوگۆ بەستووە، ئەمەش كارێكی هەروا سەرپێی و لەخۆوە نییە، بەڵكوو بڕیارێكی پێش وەختە بۆ ئەنجامدان و بەدیهێنانی پرۆسەی پەیوەندیكردن لەگەڵ بەرانبەردا)) (عبدالسلام، 1999، ص14)، هەر لەو سەردەمانەشدا، لەپاڵ ئەم دەمە تەقێیانەی سوكرات و ئەفلاتوندا، گفتوگۆ وەكو هۆكارێكی گێڕانەوە كە

یەکێک بووە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی داستان، دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناو شانۆ، بەشێوەیەک کە بەشێکی زۆر لەبنیاتی شانۆگەری پشت بە گفتوگۆ دەبەستێت. ئاشکراشە زمانی شانۆگەری سەردەمی یۆنانی و تەنانەت ڕۆمانیش بەشێوەی شیعر بووەو گفتوگۆی شیعریش لەم شانۆگەریانەدا لەوێوە سەرچاوە دەگرن، هەر چۆنێک بێت بایەخی دامەزراندنی گفتوگۆ لەگەیاندنی پەیام و بەرجەستەکردنی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەی کە پێویستە وێنەیان بکێشرێت (مصطفى، ٢٠٠٨، ص١٩٧) هەر ئەمەشە وای لە میخائیل باختین کردووە کە گفتوگۆ سوکراتییەکان بەڕۆمانی سەردەمی کۆنەکان دابنێن (تودوروف، ١٩٩٢، ص١١٣) ئەمەش بەشێکە لە میتۆدی سوکراتی کە پێی دەوترێت (بەرهەمهێنانی گفتوگۆیی)، بۆ هەڵێنجانی بیرەکان لەڕێگای زنجیرەیەک پرسیارەوە بۆ بەکێشکردنی قسەبۆکراو بۆ گەڕان بەدوای ڕاستییەکان بەکاردێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بایەخ و گرنگی گفتوگۆ (علوش، ١٩٨٥، ص٣٣٤) لەگەیاندنی بیرو مەبەستی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەری دەقی ڕۆمان وا لە خوێنەر دەکات نەتوانێت دەستبەرداری دەقەکە ببێت تا کۆتایی ڕووداوەکان.

### 3- زمانی دیالۆگ

دیالۆگ لە ڕۆماندا تەکنیکێکی گرنگە، نووسەر ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، چونکە ((دیالۆگ لە ڕۆماندا، لەهەر ڕۆمانێکدا کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە کۆڵەکەکانی، چونکە هەروەکو خوێن وایە کە بەخوێنبەرەکانیدا دەڕوات و ژیانی پێدەبەخشێت و وای لێدەکات ڕاستگۆیی خۆی و دواتر ئەدگارەکانی وەرگرێت، دواجاریش تایبەتمەندێتی و درەوشانەوەی، چونکە لەڕێی دیالۆگەوە شێوەی کەسێتیەکە دروست دەبێت، هەروەها هەڵوێستەکانیش هێزی قەناعەت پێکردن پەیدادەکەن، چونکە کەسێتی ناو ڕۆمان لەمیانەی کردارو پەرچەکردارەکانییەوە دەستنیشان دەکرێت)) (مونیف، ٢٠٠٦،ل ل٢٧-٢٨) ئەمەش بێگومان بەهۆی زمانەوە دەبێت کە هەڵگری خەسڵەتی نەتەوەیی نووسەرەو دیالۆگیش کە بەشێکی زۆر گرنگی ڕۆمانەو پەیوەندی زمانیی نێوان کارەکتەرەکان ڕێک دەخات، پێویستی بەوە هەیە ڕۆماننوس بەجۆرێکی ساز بکات کە لەگەڵ ئاستی دەربڕین و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی ئەواندا بگونجێت، بۆیە زۆر گرنگە زمانێکی سادەو ڕوون لە گفتوگۆی ئەواندا بەکاربهێنێ، بەتایبەتی لە دیالۆگدا زۆر پێویستە تایبەتمەنیی زمانی کارەکتەر بەرجەستە بێت لە زمانی ژیانی ڕۆژانە زۆر نزیک بێت. هەر لەڕێی ئەم زمانەوە واتا بەرهەم دێت و وێنەی کارەکتەرەکان دەکێشرێت، سەرەڕای ئەمەش یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی فرە زمانی لەدەقی ڕۆماندا، دیالۆگی نێوان کارەکتەرە جیاوازەکانە. هەریەک لەوانە دەبێت لەقسەکردندا گوزارشت لەپێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و هەڵوێستی خۆیان بکەن دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. (ئەڵوەنی، ٢٠١٨،ل ل٩٦-٩٨-٩٩) واتە زمانی دیالۆگ دەرخەری ناسنامەی کارەکتەرەکان لەلایەک و باری چۆنیەتی ژیانکردنی لەلایەکی تر ئەمەش بەهۆی فرە زمانی دیالۆگ ڕوونتر دەردەکەون.

### 4- پەیوەندی دیالۆگ بە گێڕانەوە

دیالۆگ ڕێگەیەکە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆیە لەنێوان دیالۆگ و گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین دیالۆگ تەواوکەری گێڕانەوەیەو ئەو بەو شتانە هەڵدەستێ کە گێڕانەوە پێی هەڵناستێ، پێویست ناکات شتێک بە دیالۆگ دەربڕدرێت ئەگەر بتوانرێت لەڕێی گێڕانەوەی ئاساییەوە دەرببڕێت، بەڵکو کاری دیالۆگ ئەوەیە ئەگەر شتێک نەتوانرێ بەشێوەیەکی ڕێک لەڕێگەی گێڕانەوەوە دەرببڕێت ئەوا دیالۆگ بەکاربێنێت (ئەڵوەنی، 2006، ل15) بەمشێوەیە دیالۆگ ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەبەرەو پێشبردنی ڕووداوەکان و ((ڕوونکردنەوەی مەبەستە شاراوەکانی دەقدا، جا چ

مەبەستی ڕۆماننوس بێت یاخود خستنەڕووی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی یاخود هەڵوێستی کارەکتەرەکان بێت لەئاستی کێشەو ململانێیەکاندا)) (مستەفا، 2010، ل190) ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی بەڕووداوەکان و باری دەروونی کارەکتەرەکان و مەبەستیان بگات.

واتە پەیوەندی نێوان دیالۆگ و گێڕانەوە زۆر پتەوە، سەرەنجام بۆ بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانی نێو دەقی ڕۆمانە. لێرەوە ئەرکی دیالۆگ دەردەکەوێت.

**5- ئەرکی دیالۆگ لەڕۆماندا**

ئەرکی دیالۆگ ئەرکێکی گرنگە ((لەبەر ئەوەی هونەری گێڕانەوە هونەرێکی فراوانەو پانتاییەکی فراوانی ناو دەق داگیر دەکات و بەو هۆیەوەی توانایەکی زۆری هەیە لەگەیاندنی شتەکان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی، جا ئەگەر هونەری گێڕانەوە بەو هەموو توانایەیەوە نەتوانێت کۆمەڵێک ئەرک جێ بەجێ بکات و لەبری ئەو دیالۆگ بەئەنجامدانی ئەو ئەرکانە هەڵبستێ ئەوا گومان لەوەدا نامینێت ئەو ئەرکانەی دیالۆگ لەناو دەقی ئەدەبیدا دەیانگێڕێت ئەرکی گرنگن)) (حاجی، 2009، ل ل220-221)، ( ئیبراهیم یونسی) ئەو ئەرکانەی دیالۆگ لەناو دەقی ئەدەبیدا دەیانگێڕێت؛ لەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

1) بەچڕی دروستکردنی کارەکتەرو وەسفکردنی خودی کارەکتەرەکانی ڕۆمان.

2) بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانی ڕۆمان.

3) کەمکردنەوەی قورسایی ئەرک.

4) خستنە ڕووی ڕووداوەکانی ڕۆمان.

5) ڕازاندنەوەی شوێن.

6) پێدانی زانیاری پێویست بە خوێنەر.

٧) ئەرکی هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەیە؛ ئەمەش بەمانای زیاتر واقعی بوونی کارەکان دەگەیەنێ و بەرهەمە چیرۆک ئامێزەکانیش مەبەستیانە وەکو ڕووداوی واقعی باوەر پێکراو دەربکەون بەو مەبەستەی کاریگەری زیاتر لەسەر خوێنەر دروست بکەن (حاجی، 2009، ل221).

٨) خالێکی تری گرنگتر لە ئەرکەکانی دیالۆگ ئەوەیە کە دیاردەی فرە زمانی لەدەقی ڕۆماندا دروست بکات و جیاوازی نێوان دەنگی کارەکتەرەکان ڕوون بکاتەوە. هەروەها بتوانێت ڕووانینی نووسەرو ڕووانینی کارەکتەرەکان لەدەقەکەدا پێشکەش بکات؛ بەمەش ئاستی سۆسیۆلۆجی زمانە جیاوازەکانی نێو ڕۆمان دەردەکەوێت)) (ئەڵوەنی، 2017، ل135).

٩) یەکێکی تر لە ئەرکەکانی دیالۆگ لەناوبردنی ساردیی و بێزاری گێڕانەوەیە (بحراوی، 1995، ص166).

١٠) خالێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی دیالۆگ ئەوەیە کە کارەکتەرەکان بەتایبەتمەندی تاکەکەسی خۆیانەوە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر وەک لۆکاش گوتوویەتی، لەهەمان کاتدا هەستی واقیعییەت

بەهێزتر بکات (ئەڵوەنی، 2017، ل137) ئەرکی دیالۆگ ئەرکێکی گرنگە بۆیە ڕۆماننوس وا بەئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری ببێت.

* کەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەو بۆ ئەوەی دیالۆگ ئەم ئەرکانەی خۆی لەئاستێکی بەرزدا جێبەجێبکات، پێویستە چەند مەرجێکی تێدا بێت، کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

١. دیالۆگ بۆ ئەوەی بەرجەستە بێت پێویستە ببێت بە جۆرێک لە دەق، واتە گۆبکرێت یان بگوترێت لەهەمان کاتیشدا وەرگرو پەیامیش ئامادەبن.

٢. پێویستە دیالۆگ بەشێوەیەک بنیاتبنرێت کە سەرنجی خوێنەر بۆ ناوەرۆکەکەی ڕابکێشێت.

٣. پێویستە گفتوگۆ کورت و ئاسان و ڕوون بێت، چونکە درێژدادڕی گفتوگۆ دەبێتە هۆی لەناوبردنی زیندویەتییەکەی.

٤. نابێت نووسەر بۆ هەموو ڕووداوێکی ساکارو ئاسایی پەنابەرێتە بەر بەکارهێنانی گفتوگۆو بەزۆر هەندێ قسە بخاتە سەر زاری کارەکتەرەکان، کە گێڕانەوە دەتوانێت ئاسانتر ئەو کارە بکات.

٥. لەڕووی پانتایی دیالۆگ لە ڕۆماندا دەبێت نووسەر ئاگاداری ئەوە بێت کە نابێت تەواوی یان زۆربەی ڕۆمانەکەی بەگفتوگۆ بنیات بنێت. چونکە لەم حاڵەتەدا کارەکەی زیاتر لەشانۆگەری نزیک دەبێتەوەو تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان لەدەست دەدات، بەڵکو دەبێت هاوسەنگییەک لەنێوان گێڕانەوەو دیالۆگدا دروست بکات.

٦. پێویستە دیالۆگ بابەتی بێت و لەمەودای کارەکتەرەکانەوە هەڵقوڵابێت، ئەگەرنا کارەکتەر دەبێت

بەتووتییەک و بیرکردنەوەکانی نووسەر دووبارە دەکاتەوە. واتە دیالۆگی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەنگی هەر کارەکتەرێک لە کارەکتەرێکی دیکە لەلایەک و لەدەنگی نووسەر لەلایەکی دیکەوە جیا بکاتەوە بەشێویەک لەجیا تاکییەکی ورد لەبیرکردنەوەو دەربڕیندا؛ لەنێوانیان دەربکەوێت.

٧. لە دیالۆگدا پێویستە هیچ وشەیەک دووبارە نەبێتەوە ئەگەر بەمەبەستی جەختکردنەوە نەیەت.

٨. نابێت دژیەکییەک لەنێوان ئاستی کارەکتەرو ئەو بۆچوونەی دەریدەبڕێت هەبێت. ناکرێت کارەکتەر نەخوێندەوار بێت و نووسەر تێڕوانینی فەلسەفیی خۆی لەڕێگەیەوە دەرببڕێت یان وای لێبکات وەڵامی هەندێک پرسیاری فەلسەفیی بداتەوە (سەعید، 2013، ل ل26-28).

## 6- گرنگی دیالۆگ

دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەوە پێشبردنی دیمەن و ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا، واتە ((گرنگی دیالۆگ لەئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها لەئاستی هونەری ڕۆماندا بووە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو (سەدەی بیستەم)ەوە کۆمەڵێ توێژینەوەی بایەخدار لەم بارەیەوە بنووسرێت)) (ئەڵوەنی، 2017، ل136) دیالۆگ لەڕۆماندا پایەی هونەری ڕۆمان دەپارێزێت، لەبەر ئەوەی دیالۆگ بووەتە یەک لەبنەما سەرەکییەکانی ڕۆمان کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە وێنەکێشانی کارەکتەردا (ئەڵوەنی، 2017، ل137) هەروەک (محمد یوسف نجم) وتویەتی:

((دیالۆگ ڕۆڵێکی بەرچاو لە کێشانی وێنەی کارەکتەرەکان دەبینێت)) (نجم، 1959، ص113) بەشێوەیەک وێنەکان دەخاتە پێش چاو وەک بڵێی دیمەنەکان ڕاستەوخۆن.

زۆر جار بەهۆی دیالۆگەوە بە گۆڕینەوەی زانیاری لەبارەی کارەکتەرو ڕووداوەکان و ئایندەی بەسەرهاتەکانەوە، هزرو بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان دەگۆڕێن؛ بەهۆی ئەمەشەوە هەڵوێستیان گۆڕانی بەسەردا دێت، لەبەر ئەوە هەندێ ڕۆماننووس ئەوەی بە ئامرازێک زانیوە بۆ وەسفی بوونەوەرەکانی ڕۆمان، هەروەها بۆ وروژاندنی پەرەسەندنی عەقڵیی یان ڕەوشتیی ئەم بوونەوەرانە (ئەڵوەنی، 2017، ل146) دیالۆگ هۆکارێکی گرنگە لە بنیاتنانی ڕووداودا، هەر بەهۆی دیالۆگەوە لەڕۆماندا چنین فراوان دەکات، هەروەها دەروونی کارەکتەر دەخاتەڕوو و دەیانناسێنێت و کاری ڕۆمانەکە بەرەو پێشەوە دەبات، دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی (دیمەن) لە ڕۆماندا دەبینێت و بەو هۆیەشەوە دەستەڵات و دەنگی نووسەر لە دیمەندا تا ئاستی لەناوچوون کەم دەبێتەوەو بوار بۆ کارەکتەرەکان خۆیان دەرەخسێنێت کە گوزارشت لەخۆیان بکەن و ببنە خاوەنی دەنگ و گۆشەنیگای تایبەتی خۆیان، چونکە دەرکەوتن و خۆهەڵقورتاندنی نووسەر لە گفتوگۆدا کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم دروستبوونی دیمەن و لەهەمان کاتیشدا خوێنەر ئەو فەزایەی لەگێڕانەوەدا تیایدا دەژیا وا لە دیمەن دەکات توانستە درامییەکانی خۆی کە یەکەمین ئەرکی گفتوگۆیە لەدەست بدات (سەعید، 2013، ل ل23-24) هەروەها لەڕێگەی دیالۆگەوە ئەو سروشت و شوێنەی کارەکتەر تیایدا دەژیت دیاری دەکات، بەهۆیەوە خوێنەر ڕەچەڵەکی کارەکتەرەکانی بۆ دەردەکەوێت.

### 7- جۆرەکانی دیالۆگ

بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی دیالۆگ چەندین ڕای جیا جیا هەیە، هەر یەکەیان بەپێی بیرکردنەوەی خۆی دابەشی کردوە، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین جۆری دیالۆگ. ، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەرکی جۆراوجۆری دیالۆگ لەناو ڕۆماندا، (جیرار جینیت) سێ جۆر دیالۆگ دیاردەکات؛ کە ئەمانەن:

1) دیالۆگی هەڵگیراو یان ڕاستەخۆ: قسەی کارەکتەر وەکو خۆی دەگوازرێتەوە دوور لەبەشداری حیکایەتخوان.

2) دیالۆگی گێڕاوە: قسەی کارەکتەرەو حیکایەتخوان وەکو ڕووداوێک لەڕووداوەکان دەیگێڕێتەوە دیالۆگی گوازراوە یان (ناراستەوخۆ): لەدەربڕینی قسەی کارەکتەرەکانە حیکایەتخوان بەگێڕانەوەی هەڵدەستێ (سویدان، 2006، ص137)، (حاجی، 2009، ل ل221-222).

بە گوێرەی پەیوەندی نێوان قسەکەران و ئەو زمانەی لە قسەکردندا بەکاردەهێنرێت، (سێلڤی دۆرەر دیالۆگ دابەش دەکات بۆ سێ جۆر:

1. دیالۆگی فێرکاری.
2. دیالۆگی جەدەلی.
3. دیالۆگی مشت و مڕ ئاسا.

هەروەها ( د. نجم خالد ئەڵوەنی) لەڕووی بنیاتەوە دیالۆگی بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەشکردوە:

١. دیالۆگی سادە: ئەو جۆرەیە کە کەمترین وشەی تێدا بەکاردەهێنرێت تا دەگاتە ئاستی ڕستەیەک.

٢. دیالۆگی لێکدراو: لەم جۆرەدا ئاخاوتنی کارەکتەرەکان درێژە دەکێشێ و زیاتر لەڕستەیەک لەخۆ دەگرێت.

٣. دیالۆگی ڕاستەوخۆ: دیالۆگی کارەکتەرەو لەلایەن حەکایەتخوانەوە وەکو خۆی دەگوازرێتەوە.

٤. دیالۆگی ناڕاستەوخۆ: دیالۆگی کارەکتەرە، بەڵام لەجیاتی کارەکتەر حەکایەتخوان بە زمان و شێوازی گووتنی خۆی پێشکەشی دەکات.

لەلایەکی تریش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زمانەی لە داڕشتنی گفتوگۆدا بەکاردەهێنرێت دەتوانین دابەشی بکەین بۆ:

١. دیالۆگ بەزمانی پاراو: ئەو دیالۆگانە دەگرێتەوە کە ڕۆماننووس بەزمانێکی پاراو بێ گوێدانە ئاستی دەربڕینی کارەکتەر پێشکەشی دەکات.

٢. دیالۆگ بەزمانی میللی: ئەو دیالۆگانە دەگرێتەوە کە بەزمانێکی میللی یان زاری ناوچەیی پێشکەش دەکرێن (ئەڵوەنی، 2017، ل ل 136-137)

بەمشێوەیە هەر نووسەرێک بەپێی تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆی جۆرەکانی دیالۆگی دیاریکردووە.

**بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی تەکنیکی دیالۆگ لەڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی (سەعید ناکام)دا:**

لێرەدا باسی ئەو جۆرانەی دیالۆگ دەکەین: کە لەبارو حالەتی جیاجیا لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی سەعید ناکام)دا بەرجەستە دەکرێن؛ لەوانە:

**1-2 دیالۆگی ڕاستەوخۆ**

ئەمجۆرە دیالۆگە ((کۆنترین و بەربڵاوترین جۆری گفتوگۆیە لە ڕۆماندا، تیایدا کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ لەنێوان خۆیاند دەدوێن)) (سەعید، 2013، ل34) دیالۆگی نێوان حیکایەتخوان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانە، واتە دیالۆگی ڕاستەوخۆ دوو ؛کەسێتی یان زیاتر بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی ڕۆمانێکدا ئەنجامی دەدەن، بەجۆرێک دەربڕاوەکان لەکەسێتی یەکەمەوە ئاڕاستەی دووەم دەکرێن و دووەمیش بەدەربڕاوێک بەزمانی ئاسایی خۆیان وەڵامی دەداتەوە (محەمەد، 2009، ل176) واتە شێوەی نۆبەتی وەردەگرن، یان بەشێوەی پرسیارو وەڵامەو هەرجارەو یەکێکیان بەنۆرە پرسیار دەکات و ئەویتر لە نۆرەی خۆی وەڵام دەداتەوە، یان قسە کردنە لەسەر بابەتێک، یان پێدانی وەسفە، .....، لەمجۆرە دیالۆگەدا ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بەکاردێت و گێڕەرەوە (حیکایەتخوان) هەموو شت زانە. سەعید ناکام لە ڕۆمانی (ئاگری بن کا)دا (ناکام، 1999، ل11) هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکە بە دیالۆگی ڕاستەوخۆ دەستی پێکردوە؛ ئەمە گەرموگوڕییەکی سەرنج ڕاکێشی بەدەقی ڕۆمانەکە بەخشیوەو بەچەندین مەبەستی جیاجیا دیالۆگی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، لەوانە:

**1-1-2 دیالۆگی ڕاستەوخۆی سیاسی**

لەم جۆرەدا نووسەر زۆر شارەزایانەو لێهاتووانە بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی سیاسی دیالۆگی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، بەتایبەتی تر هەر لەسەرەتای دیالۆگەوە بەو مەبەستە و بەشێوەی دیالۆگ دەستی بەچوونە ناو دەقی ڕۆمانەکە کردووە، ئەمە چێژبەخشینە لەلایەک و هێزی کێشکردنە لە لایەکی تر تاوەکو خوێنەر هەرکە دەستی بەخوێندنەوە کرد نەتوانێت دەستبەرداری ببێت و بەردەوام بێت لەخوێندنەوە تا کۆتایی؛ بۆنموونە:

**((- برا ماندوو نەبی.**

**- خوا خۆشت کا.**

**- ئەرێ سەعات چەندە، داخوا نوێژ بووە؟**

**- بەڵێ نوێژە، ئەگەر دەست نوێژت هەیە بچۆ نوێژی جەماعەت بکە))** (ناکام، 1999، ل11).

حیکایەتخوان لەدەستپێکی ڕۆمانەکە بەدیالۆگی ڕاستەوخۆ دەستی پێکردوە، لەنێوان دوو کەسایەتی بەشێوەی پرسیارو وەلام ئەنجام دراوە، کەسایەتی یەکەم کە (نامکا)یە، کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە،کەسایەتی دووەم (بابۆ)یە، کە لەلایەن کۆمەڵەی (پاکۆنی) نێردراوە بۆ بینینی (نامکا)، ئەم دیالۆگە بۆ مەبەستی یەکتر ناسین ئەنجامدراوەو وشەی نهێنی نێو ئەم دیالۆگەیە کە دەڵێ (بچۆ نوێژی جەماعەت بکە) کە وەک نیشانەیەک بۆ یەکترناسین سوودی لێبینراوەو بەکارهاتووە. مەبەستەکە تیایدا مەبەستێکی سیاسییە، بۆیە پێویستیان بەوە بووە وشەی نهێنی بەکاربێنن تاوەکو پەیامەکە بە یەک بگەیەنن.

**2-1-2 دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاری**

نووسەر لەم جۆردا بەشێوەی شیکاری دیالۆگی ڕاستەوخۆ بەکاریدێنێت، ئەمەش بەمەبەستی پاراستن یان ئاگادارکردنەوە، یان هەر مەبەستێکی تر بێت. بۆنموونە:

**(( - من لێرەوە چۆن بگەمە مەڵبەندی پرەنس لال؟**

**- پسوولەی (تێپەڕین)مان بۆ جێبەجێ کردوویت و یەکێکی شارەزات لەگەڵدا دەنێرین کە نەهێڵێ بەر دەستی پیاوەکانی بیلاهارجی بکەوی.**

**- کەی دەبی بڕۆم؟**

**- ئەگەر ئامادەبیت ئەم ئێوارەیە.**

**- زۆر سوپاست دەکەم هاوڕێ، من پرسیاری دیم نەماوە.......))** (ناکام، 1999، ل ل. ١٨-١٩).

ئەم دیالۆگە لەنێوان هەردوو کەسایەتی (کامکا)و (بابۆ) ئەنجام دراوە، پرسیار لە بابۆ دەکات کە چۆن بگاتە مەڵبەندی (پرەنس لال) بابۆش وەڵامی دەداتەوەو باسی ئامادەکارییەکانی نوی (ئۆمری) لەگەڵ نامکا دەکات بۆ ئەوەی لەڕێگادا دەست پیاوەکانی (بیلاهارجی) کە دوژمنی ئەندامانی کۆمەڵەیە نەکەوێت. ئەم دیالۆگەش ڕاستەوخۆیە؛ لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی (نامکا) پرسیار لە (بابۆ) دەکات، بابۆ ڕاستەوخۆ وەڵامی دەداتەوە. ڕوونکردنەوەی ڕێ و شوێنی گونجاوە بۆ گەشتنی بە مەڵبەندی

پرەنس لال؛ ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی نامکایە بەشێوازی دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاری پەیامەکەی بە نامکا دەگەیەنێت.

**3-1-2 دیالۆگی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی**

ئەمەش جۆرێکی ترە کەوا نووسەر بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستە کۆمەڵایەتییەکان دیالۆگی ڕاستەوخۆ بەکاردێنێت، جا بەشێوەی مشتومڕ بێت یان هەر شێوەیەکی تر لەپێناو گەیاندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بۆنموونە:

**((- تکا دەکەم ئەوەت لەبیر نەچێ کە ئێرە ماڵی پرەنس لالەو شوێنەوارێکی مەهراجا هودی نەمرە، لێرەدا نەریت و ڕێ و شوێنێکی تایبەتی هەیە، ئێرە بنکەی کۆمەڵە نی یە گەورەو بچووکی تێدا نەبێ...تۆ میوان و مامۆستای بەڕێزی منی بۆیی حەز ناکەم خۆت لەهەموو شتێ هەڵقوتێنێ، بەتایبەتی ئەو شتانەی تایبەتین بە کاروباری نێوخۆی ماڵەوە.**

**-ببورە خوشکی بەڕێز، من باش دەزانم ئێرە ماڵی پرەنسە، دەشزانم کە لێرەدا نەریتی دەرەبەگایێتی هەیە، بەڵام لام وابوو ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکەم پێش ئەوەی پرەنسیس پهالای بێ، خوشکە پهالای کچە جوتیارو یەکێ لەهاوڕێکانی خۆمەو زۆر بەڕووخۆشی ئامۆژگارییەکانم پەسند دەکا، کەچی ...**

**- بۆ تۆ چاکتر وایە هەمیشە ئەوەت لەبەرچاو بێ کە ئێرە ماڵی پرەنسەو بەس.))** (ناکام، 1999، ل٣٠).

دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی مشت و مڕە لەنێوان (پرەنسیس پهالا)ی و (نامکا)، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە (نامکا) ڕەخنەی توند لە هەڵسوکەوتەکانی (پهالا) دەگرێت کەبەرامبەر یەکێک لەخزمەت کارەکان ئەنجامی داوەو سەرزەنشتی کردووەو هەڕەشەی دەرکردنی لێ کردووە، ئەم ڕەخنەیەی (نامکا) لە(پهالا)، ئەوا (پهالا) زۆر تورە دەبێت و وەڵامی دەداتەوەو پێی دەڵی ئەمە ماڵی (پرەنس لال)ەو کۆمەڵێ داب و نەریتی خۆی هەیە پێویستە بیپارێزێت، ئیتر مشت و مڕەکەیان لێرەدا کۆتایی پێهات و لەیەکتر جیا بوونەوە.

لەم دیالۆگەدا دەرخستنی دیاردەی کۆمەڵایەتی (دەرەبەگایەتی)یە، کەچۆن زاڵە بەسەریاندا، لەهەمان کاتدا پرەنسیس نامکا ئاگادار دەکاتەوە کە وەک کۆمەڵە مامەڵە نەکات و پێویستە تایبەتمەندیی ماڵەکەی بپارێزێت. نامکاش دڵنیای دەکاتەوە کە ئەو شتانە باش دەزانێت؛ بەڵام قسەکانی لەچوارچێوەی هاوڕێیەتییەوە بووە، بەڵام پرەنسیس ترسی کۆمەڵگای پێوە دیار بوو، بۆیە جارێکی تر ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەمە ماڵی پرەنسە، ئەمە سەرەڕای ئاگادارکردنەوەو ترس، هەروەها ڕاگەیاندنە بەوەی کە لەماڵی کەسێکی ناودارەو سەربەستە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خزمەتکارەکانی. بەمشێوەیە دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەم دوو کەسایەتییە ڕووی داوە.

**4-1-2 دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی**

نووسەر دیالۆگی ڕاستەوخۆ بەشێوەی وەسف دروست دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی زیاتر خوێنەر ئارەزووی زانینی ڕووداوەکانی تر بکەن، هەروەها خوێنەر لە بێزاری دەپارێزێت و وای لێدەکات بەحەماسەتەوە لەگەڵ ڕووداوەکان بڕوات، بۆنموونە:

**((- پهالا؟.. ئەو پهالایەی هۆی نەگبەتی و قۆرت وماڵوێرانی ی منە؟. ئەوە خوشکی من بێ؟.. نچ نچ نچ... تۆ ناهەقت نی یە، چونکو کۆمەڵەیش خەڵەتاوەو بەچاوی ئەندامێکی دەیڕوانێتی و ناچارم دەکەن هاوکاری لەگەڵدا بکەم....**

**- ڕاستت دەوێ منیش حەزم دەکرد ڕاستەقینەی ڕابردووی پهالا بزانم، چەند جارێک ویستم داوات لێ بکەم بۆم بگێڕیتەوە بەڵام کە دەمدی نێوانی خوشک و برایەتی ی تۆو ئەو ئەوەندە پتەوە، لە ترسی دڵ ئێشان زاتم نەدەکرد))** (ناکام، 1999، ل٣٢).

ئەم دیالۆگە ڕاستەوخۆی وەسفییە، کە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو وەسفی پهالا لەڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ دەکرێت لەنێوان (نامکا)و (مهاگارا)یە، نامکا پرسیار لە خوشک و برایەتی نێوان (مهاگارا)و (پهالا) دەکات، وا دەزانێت خوشک و بران و پەیوەندی نێوانیان بەهێزە، بەڵام (مهاگارا) دێتە قسە ئەو پەڕی دڵڕەقی خۆی بەرامبەر (پهالا) بۆ (نامکا) باس دەکات و بەکەسێکی خراپ وەسفی دەکات، تا دەگاتە ئەو ئاستەی بە گیانەوە ناوی (پهالا) دەبات.
لەڕێگەی ئەم دیالۆگەوە (نامکا) پەیوەندی خوشک و برایەتی نێوان (مهاگارا)و پهالا)ی بۆ ڕوون دەبێتەوە. واتە لەڕێگەی دیالۆگی شێوە وەسفی مەبەستەکەی پێدەگات.

**5-1-2 دیالۆگی ڕاستەوخۆی فۆلکلۆری**

لەم جۆرەدا نووسەر بەبەکارهێنانی وشەی فۆلکلۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆ دروست دەکات، ئەمەش ڕەمزی پاراستنی داب و نەریتی کوردەوارییە، هەروەها بەمەبەستی تایبەت بەکاری دێنێت، بۆنموونە:

**((- ئەرێ سەرگوزەشتەی مهاگارت پێ چۆن بوو؟**

**- نامکا داچڵەکی، خۆی لێ گێل کردو پرسی کام سەرگوزەشتە؟**

**- سەرگوزەشتەی من و ئەو**

**- تێناگەم باسی چی دەکەی.**

**- خۆتم لێ هەڵە مەکە، من لەپشت ئەو گابەردەوە دانیشتبووم کە تۆو مها لەو دیوی بوون، دوای ئەوەی تۆ ئێمەت بەجێ هێشت زانیم کە خراپم کرد وا بەتوندی لەگەڵت دوام و دڵم ئێشاندی، بەدواتدا هاتم ئاشتت کەمەوە، کاتێک لێتان نزیک بوومەوە تازە مها چیرۆکەکەی دەست پێکردبوو،......))** (ناکام، 1999، ل١٣٥).

ئەم دیالۆگە ڕاستەوخۆی فۆلکلۆرییە، بەهۆی بەکارهێنانی وشەی فۆلکلۆری (سەرگوزەشتەو گابەرد)، دیالۆگەکەش لەنێوان (نامکا)و (مهاگارا) دایە، مهاگارا دەیەوێ بزانێت کە پهالای خێزانی پرەنس لال چی بۆ نامکا باس کردوەو لەو کاتەی مهاگارا گوێی لەچیرۆکی نێوان مهاگارا خۆی و پهالا

دەبێ کە مهاگارا بۆ نامکای باس دەکات، لێرەوە دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەنێوان نامکا و پهالا دەست پێدەکات، کاتێک پهالا بە نامکا دەڵێت: سەرگوزەشتەی مهاگارات پێ چۆن بوو؟ بەڵام نامکا خۆی لە پرسیارەکە دەدزێتەوە، بەڵام هەرچەند هیچ سوودی نابێ. چهالا زۆری لێدەکات کە قسە بکات، نامکاش دانی پێدادەنێت، بەڵام داوا لە پهالا دەکات کە ئەم بەسەرهاتەی نێوان خۆی و پهالا بۆ پڕەنس لالی مێردی باس نەکات؛ تاوەکو ڕێگە چارەیەکی بۆ دەدۆزێتەوە. ئەم دیالۆگە ڕاستەوخۆی فۆلکلۆرییە بەمەستی نهێنی پارێز بەکارهێناوە.

**2-2 دیالۆگی ناڕاستەوخۆ**

ئەمەش جۆرێکی تری دیالۆگە، کە دیالۆگی ناڕاستەو خۆیە ((بەهەمان شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ، گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتی یان زیاتری ڕۆمانە، بەڵام لەم جۆرەدا لەبری ئەوەی کەسێتییەکان ڕاستەوخۆ و دوور لەدەست تێوەردانی گێڕەرەوە گفتوگۆ بکەن و گوزارشت لەبیرەکانیان بکەن، گێڕەرەوەیەکی دەرەکی پرۆسەکە پێشکەش دەکات یان لێک دەداتەوەو قسەی لەسەر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دەربڕاوەکانی (وتی، پرسی، وەلامیدایەوە، درێژەی پێدا، ...) کە تایبەتن بەکەسی سێیەمی تاک/کۆ، هەروەها لەڕووی کاتەوە، کاتی رابردوو تێکەڵ بەکاتی ئێستا دەبێت)) (محەمەد، 2009، ل178) واتە ئەم دیالۆگەیە گێڕەرەوە، دیالۆگی نێوان دوو کارەکتەر یان زیاتری ناو ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێرێتەوە، دووبارەکردنەوەی قسەی کارەکتەرەکانە لەگەڵ تێکەڵکردنی گۆڕانکاری کە لەڕابردوودا ڕوویداوە. سەعید ناکام ئەم جۆرە دیالۆگەی لەچنینەوەی ڕووداوەکاندا بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرهەمهێناوە، بەهەمان شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ؛ بەچەندین مەبەستی جیاواز دیالۆگی ناڕاستەوخۆی بەکارهێناوە؛ لەوانە:

**1-2-2 دیالۆگی ناڕاستەوخۆی سیاسی**

نووسەر لەمجۆرە دیالۆگەدا بەناڕاستەوخۆ پەیامە سیاسییەکە دەگەیەنێت. بۆنموونە:

**((- ئێستا کە جلەوی شۆڕش بەدەست پادی کۆوەیەو ئەوانیش بەرهەڵستی جولانەوەی سیاسی و پاکۆئی**

**دەکەن، ئایا توانیویانە جێگا بە کۆمەڵەکەمان لەق کەن و خۆیان لەشوێنی ئەو بەڕابەر بچەسپێنن؟**

**- هێشتا تەواو نا ... تۆ خۆت دەزانی ئەم سەردەمە کە بەچەرخی ڕزگاری ی نەتەوەکان ناو دەبرێ، وشەی نەتەوەخوازی و نیشتیمان پەرستی کاری جادووگەرانە دەکاتە سەر هەست و هۆشی خەڵک،.....))** (ناکام، 1999، ل١٥).

لەم دیالۆگە ناراستەوخۆیە مەبەستە سیاسییەکەی زۆر بەجوانی بەدەرخستووە، نامکا پرسیار لەبارودۆخی کۆمەڵە دەکات کە لەڕابردوو چی بەسەر هاتووە، بابۆ لە ئێستادا بۆی دەگێڕێتەوە کە ناکۆکی بیلاهارجی و پڕەنس لال دەکات بەفەرمانی بیلاهارجی لەهەموو لایەک قسە بە پڕەنس لال دەڵێن، ئەمە وایکرد پرەنس لەکۆمەڵەی ئێمە نزیک بێتەوەو ببێتە دۆستی ئێمەو دژی شۆڕشی بیلاهارجی، بۆیە نامکا لەڕابردووی کۆمەڵە دەپرسێ ئایا توانیویان جێگەی کۆمەڵە بگرنەوە؛ بابۆ

لەوکاتەدا وەلامی دەداتەوە کە هێشتا تەواو خۆی نەداوە بەدەست، باس لەوەش دەکات کە چۆن وشەی نەتەوەیی کار لەهەست و دەروونی خەڵک دەکات. بەمشێوەیە لەڕێگەی تێکەڵکردنی دووکاتی جیای ڕابردوو بە ئێستا دیالۆگی ناراستوخۆ ڕوویداوە کاتێک دێتە ئاراوە کە بابۆ باس لەباروذۆخی پێشوی شۆڕش و کۆمەڵە دەکات؛ بەشێوەیەک بارودۆخە سیاسییەکە دەخاتەڕوو ئاشکراکردنی یاخود ڕوونکردنەوەی ڕێرەوە سیاسییەکەیە بەکاتی ئێستا.

**2-2-2 دیالۆگی ناڕاستەوخۆی شیکاری**

نوسەر لەڕێگەی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەوە شیکاری ڕزگاربوونی بەشێوەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ بۆ خوێنەران ڕوون دەکاتەوە، بۆنموونە:

**(( - لال ئەوە بۆ بێدەنگ بووی.**

**- دەڵێم نەنە گیان جارەکەی پێشوو هاتمە خزمەتتان ئەم خوشکەم نەدی.**

**- باشە ئەم کچەی ئێوە تا ئێستا لەوێ بووە نەیدیبوو؟**

**- شاردبوومەوە،......))** (ناکام، 1999، ل٦٣).

ئەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆی شیکارییە لەنێوان لال و ناسی خانی نەنێ ئەنجام دراوە سەبارەت بە پهالا، کە لەلای ئاسی خانە، ئەم دیالۆگە کاتێک دێتە ئاراوە کا شانکا باسی پهالا بۆ پڕەنس دەکا، هەروەها باسی ئەوەشی بۆ دەکات کە چۆن لەدەستی میر مادوو مهاچار خۆی ڕزگار کردووە، پڕەنس دەێتە لای ئاسی خانی نەنکی بۆ بینینی پهالا، ئەمەش دیالۆگی ناڕاستەوخۆیە شیکاری هەڵاتنەکەی دەگێڕێتەوە بەشێوەیک کە تێکهەڵکیش کراوە بەباری کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش مەبەستی پێدانی زانیاری پێویستە لەبارەی هەڵاتنی پهالاو چۆنیەتی حەشاردانی لەلای نەنەی پڕەنس لال.

**3-2-2 دیالۆگی ناڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی**

لەمجۆرەدا دەرخستنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؛ نووسەر بەڕێگەی دیالۆگی ناراستەوخۆ دەیخاتەڕوو، بۆنموونە:

**(( - ئەرێ پهالا ئەوە تۆی؟**

**- مام حاجی؟**

**- قسە بکە بزانم چ دەکەی لێرە....لەگەڵ کێ هاتووی بۆ کوێ دەچی؟**

**- دەچم بۆ شار**

**- بۆچی و لەگەڵ کێ؟**

**- بەتەنیا هاتووم ئیدی ناگەڕێمەوە.**

**- باشە چۆن هاتووی و کەی لە ماڵ دەرچووی؟**

**- ئەمشەو لەگەڵ ئێوە لە ماڵ دەرچووم و دوورو نزیک شوێنتان کەوتووم تا ئێرە.....))** (ناکام، 1999، ل٤١).

ئەم دیالۆگە لەنێوان حاجی و پەهالایە، مام حاجی یەکێکە لەپیاوانی کاروانی گوندەکەی خۆیان (پانەمۆ) کە بەرەو شاری (سەرینیکار) دەڕۆن، پەهالاش لەماڵەوە ڕای کردووە لەترسی بەشوودانی بەپیاوێکی پیر، دوای ئەم کاروانە دەکەوێت بۆ ئەوەی خۆی لەم کێشەیە ڕزگار بکات، ئەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیە، چونکە لەڕێگەی گێڕانەوەی مهاگارا بۆ نامکای دەگێڕیتەوە. هەروەها زەقکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باوە، بەرامبەر بەزۆر بەشوودانی کچ بە پیاوی پیرو بەتەمەن، لەلایەکی تر سەرگەردانی کچ بەهۆیەوەو خۆ خستنە بەر چارەنووسێکی نادیارو دژواری سەردەم.

**4-2-2 دیالۆگی ناڕاستەوخۆی وەسفی**

نووسەر شارەزایانە لەڕێگەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ وەسفی هەندێ بارودۆخ دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە هەندێ ڕووداو بگێڕێتەوە کە خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات؛ بۆنموونە:

**((- مها بە داخ و توڕەییەوە بەسەرهاتی خۆی و پەهالا بۆ مادۆ دەگێڕێتەوەو لەدوایدا دەڵێ بەڵام بۆ کوێ دەچێ ئاخری هەر دەکەوێتە بەر چنگم. مادۆ تاوانی ئەو تیشکانە دەهاوێتە ملی مهاچاری خۆیەوەو دەڵێ هەر ئافرەتە جۆرە چوونە پارێزێکی دەوێ تۆ لەگەڵ بارە کەوێکەوە سرک و سڵدا کردەی گورگانەت بەکارهێناوە، گرتنی ئەم قەڵایە هەر لەتوانستی کاکی خۆتە (پەنجە بۆ سنگی خۆی دەبا)دایە.....))** (ناکام، 1999، ل٥٥).

لەم دیالۆگە ناڕاستەوخۆیەدا وەسفی توڕەبوون و پەژارەی مها دەخاتە بەرچاو، ئەم دیالۆگەی نێوان میر مادۆ و مهاچار ئەنجامدراوە، واتە دیالۆگی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە کەباس لە چۆنیەتی ڕازی کردنی پەهالا دەکات بۆ خۆیان. ئەمەش دیالۆگی ناڕاستەوخۆیە چونکە لەڕێگەی شانکاوە بۆ پرەنس و میوانەکانی دەگێڕێتەوە. نووسەر ویستویەتی شێوازی ڕازیکردن و وەسفی باری دەروونی مها بەشێوەی دیالۆگ ئەنجام بدات تاوەکو خوێنەر لەبێزاری بەدوور بگرێت.

**5-2-2 دیالۆگی ناڕاستەوخۆی فۆلکلۆری**

نووسەری ڕۆماننوس زۆر بەجوانی پەندی خزاندۆتە ناو دەقی ڕۆمانەکە لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، ئەمەش هێزو جوانی و هەستی فۆلکلۆری بەزمانی بەتەمەنەکانەوە خستوویەتییەڕوو؛ بۆنموونە:

**- پیرێژن لە پەهالای پرسی ((کچەکە ناوت چی یە و لەکوێوە هاتووی؟))**

**- وەڵامی دایەوە ((ناوم پەهالایەو لە پانجەمۆ وە هاتووم))**

**- دیسان پرسی ((لە ماڵی مەهراجا کێ دەناسی؟))**

**- گوتی ((کەس ناناسم، لێم قەوماوەو بۆ داڵدە دەچم)**

**- پیرێژن بە تووڕەیی ڕووی لێ وەرگێراو لەبەر خۆیەوە گوتی ((بەرخی ناوەکی پەنا دەباتە بەر گەلە گورگ))**

**- پهالا ئەمەی گوێی لێ بوو بەڵام ورتەی نەکرد....))** (ناکام، 1999، ل٤٨).

ئەم دیالۆگە لەنێوان پیرەژنێک و پهالایە کە یارمەتی پهالا دەدات بچێتە ماڵی مەهراجا، هەرچەند پیرێژن پێی خۆش نییە کە پهالا بچێتە ئەو ماڵە، بۆیە بەتوڕەیی ئەو قسەیەی پێدەڵێت: بەرخی ناوەکی پەنا دەباتە بەرگەلە گورگ) ئەمەش پەندێکی کوردیە، مەبەستی پیرێژن ئەوەبوو کە پهالا وەکو بەرخی ناوەکییە، بەڵام گەنجانی مکالی مەهراجا وەکو گەلە گورگن، چونکە هەموو کات خەریکی کاری نابەجێن لەگەڵ کچان. ئەم دیالۆگەیەش ناراستەوخۆیە، چونکە بەهەمان شێوەی دیالۆگی یەکەم مهاگارا بۆ نامکای دەگێڕێتەوە.

### 3- ئـەنـجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتین؛ لەوانە:

1. تەکنیکی دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی پەیامی کارەکتەرەکان دەبینێت.

2. گرنگی لەدەرخستنی باری کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکاندا هەیە.

3. ڕۆڵ دەبینێت لە دەرخستن و دروستکردنی زمانی جیا جیا بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و تەمەن و ....هتد.

4. چێژ دەبەخشێت بەدەقی ڕۆمان لەکاتی گێرانەوەی ڕووداوەکان.

5. دیالۆگ یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی خوێنەر بۆ خۆی کێش دەکات لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا.

6. سەعید ناکام هەردوو جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەکارهێناوە.

7. ڕێژەی بەکارهێنانی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ زیاترە وەک لەدیالۆگی ڕاستەوخۆ.

8. دیالۆگەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزدان، دیالۆگەکان کەسانێکن لەسەرووی قۆناغی هەراشەوەن.

9. دیالۆگەکان زیاتر بەزمانی ڕێزەوە ئەنجام دراون.

10. زۆرینەی دیالۆگەکانی ناو ڕۆمانەکە لەنێوان کەسانی چینی جیاواز بەکارهاتوون.

11. زمانی دیالۆگەکان زمانێکی ئاساییەو وشەی کوردی ڕەسەنی زۆر تیادا بەکارهێنراوە. بەمەبەستی وشیارکردنەوەی خوێنەرو شارەزایی پەیداکردن لەبارەی کلتوری نەتەوەیی.

12. ڕەخنەکان ڕێگە خۆشکەرن بۆ دروستبوونی بەشێک لەدیالۆگەکان.

13. دیالۆگەکان ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵێ مەبەست لەوانە: (سیاسی، کۆمەڵایەتی، وەسفی، فۆلکلۆری، شیکاری) بخرێنەڕوو.

14. دیالۆگەکان زیارتر ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگایە.

**4- سەرچاوەکان**

**1-4 سەرچاوە کوردییەکان**


ئەڵوەنی، نجم خالد (د). (2006) . تەکنیکی دیالۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا. دەزگای ڕۆشنبیری شەفەق. کەرکوک.

ئەڵوەنی نجم خالد (پ. ی. د). (2017) . تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان . چاپی یەکەم. چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین. هەولێر.

ئەڵوەنی، نجم (پ. ی. د) . (2018) . جیهانبینیی نووسەر لە ڕۆمانی (زەنگدانەوە)ی مەهاباد قەرەداغیدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین.

حاجی، سنگەر قادر شێخ محەمەد . (٢٠٠٩). بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا . چاپی یەکەم. چاپخانەی خانی. دهۆک.

سەعید، جەلال ئەنوەر (د) . (٢٠١٣) . گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خواروودا. چاپخانەی کەمال. سلێمانی.

محەمەد، میران جەلال . (2009) . بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا . چاپخانەی ڕەنج . سلێمانی .

مستەفا، ڕێزان عوسمان . (2010) . بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا (١٩٨٥-١٩٩٠). چاپی یەکەم. چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

مونیف، عەبدولڕەحمان . (2006) . تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان. وەرگێڕان: شیرین. ک . چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

ناکام، سەعید . (1999) . ڕۆمانی (ئاگری من کا). چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری. هەولێر

.


**2-4 سەرچاوە عەرەبییەکان**

**1-2-4 کتێب**


أوشان، على آيت . (2010) . ديداكتيک التعبير والتواصل (التقنيات والمجاملات) . دار أبی قراق للطباعة والنشر. الرباط .

باختين، ميخائيل . (1983) . تحليل لرواية تولستوی (البعث) . ترجمة: محمد برادة . دار الشؤون القافية العامة . بغداد.

بحراوی، حسن . (1995) . بنية الشكل الروائی (الفضاء-الزمن-الشخصية) . الطبعة الاولی . المركز الثقافی العربی . الدار البيضاء. بيروت.

تودوروف، تزفيتان . (1992) . البدأ الحواری-دراسة فی فكر ميخائيل باختين . ترجمه: فخری صالح. دار الشؤن الثقافية . بغداد.

الزجاجی، باقر جواد . (1980) . الرواية العراقية وقضية الريف . دار الرشيد للنشر. دار الحرية للطباعة. الراق. بغداد.

الزمخشری، أبو القاسم جارالله محمود بن عمر بن أحمد. (1998) . أساس البلاغة. دار الكتب العلمية. بيروت-لبنان.

سويدان، سامی . (2006) . المتاهة والتموية فی الرواية العربية . دار الأداب . الطبعة الأولی . بيروت-لبنان .

عبدالسلام، فاتح (1999) . الحوار القصصی-تقنياته وعلاقاته السردية . الطبعة الأولی . المؤسسة العربية للدراسات و النشر . بيروت.

مصطفی . فائق (د) . (2008) . سحر السرد-دراسات فی الرواية والقصة والقصة الشعرية . الطبعة الاولی . المطبعة ارابخا . كركوك.

نجم، محمد يوسف (1959) . فن القصة . الطبعة الثالثة . دار بيروت للطباعة . بيروت.


**2-2-4 نامەی ئەكادیمی**


أحمد، زاوی . (2015) . بنية اللغة الحوارية فی رويات (محمد مفلاح) . أطروحة الدكتورة غير منشورة . كلية الأداب . جامعة وهران . الجمهورية الجزائرية.

العانی، شجاع مسلم دغيم . (1987) . البناء الفني في الرواية العربية في العراق . رسالة دكتوراه غير منشورة . كلية الأداب . جامعة بغداد.


**3-2-4 فەرهەنگ**

أبن المنظور، أبو الفضل جمالدين محمد بن مكرم بن على الأنصارى . (1997) . لسان العرب . المجلد الثانى . دار صادر . بيروت.

برنس، جيرالد . (2003) . قاموس السرديات . ترجمة: السيد إمام . الطبعة الأولى . دار ميريت.

علوش، سعيد . (1985) . معجم المصطلحات الادبية المعاصرة . الطبعة الأولى . دار الكتاب اللبنانى . بيروت.

عبدالنور، جبور . (1984) . المعجم الأدبى . دار العلم للملاين . بيروت-لبنان.

**٣- سەرچاوە فارسییەکان**

صادقى، جمال مير . (1385) . عناصر داستان . انتشارات سخن . چاپ پنجم . چاپخانه بهمن . تهران.

**References**

**4.1 Kurdish References**

**4.1.1 Book**

Alwani, Najm Khalid (D). (2006) Dialogue Techniques in Some Modern Kurdish Short Stories.Shafaq Culture institute. Kirkuk.

Alwani Najm Khalid (Ph.D.). (2017) Theories of Sociological Novels . Salahaddin University Printing House. Erbil.

Alwani, Najm (Ph.D.) (2018) . Globalization in (Chime) by Mahabad Qaradaghe . First Edition Salahaddin University Printing House.

Haji, sjonger Qadir Sheikh Mohammed .(2009)

Narrative Structure in Ahmadi Khani's Mam en Zeen and Bakhtiar Ali's city of White Musician . First Edition . Khani Printing House. Duhok.

Saeed, Jalal Anwar (D) (2013) Discourse in Kurdish Novels if Kirmanje Khwaru. Kamal Printing House.

Muhammed, Meran Jalal(2009). Structure of events in Kurdish Novels. Ranj Printing House Sulaimani .

Mustafa, Rezan Osman (2010) Types of Structure in Novels of Southern Kurdish. (1985-1990). first Edition.Academy Printing House, Erbil.

Munif, Abdulrahman (2006) Shedding Light on Novel. Translated by Sheren k. First Edition.Sardam Publishing House. Sulaimani.

Nakam, Saeed. (1999) Fire beneath Hay. Printing of Ministry of culture . Erbil .

## 4.2 Arabic References

### 4.2.1 Books

Awshan , Ali Ait. (1983). Didactics of Expression and Communication. House of Aby Fraq for publishing. Alrybat
.

Bakhtin, Mikhail.Analyzing(The Resurrection) by Tolstoy . Translated by Muhammad Berrada. House of Public Affairs. Bagdad.

Bahrawi, Hassan. (1995). Narratological Structure of space, time, and Character. First Edition . Arabic center Culture . Dar Albaytha . Beirut.

Todorov, Tzvetan. (1992). Discourse Structure A Study in Mikhail Bakhtin.Translated by : Fakhry Saleh. A house of Culture Affairs . Bagdad.

Alzujajy , Baqer Jawad. (1980). Iraqi Novels and Village Issues . Al-Rasheed Publishing House. Freedom House for publishing . Bagdad.

Al-Zamakhshari, Abu Al-Qasim Jarallah Mahmoud bin Omar bin Ahmed. (1998). basis Of Rhetoric .A House for Scientific Books Beirut-Libanon

Swaidan, Sami. (2006). Mazing in Arabic Novels. House of Arts. First Edition . Beirut-Libanon.

Abdel Salam, Fateh (1999). Narrative discourse its Techniques and narratives relations. First Edition .Arabic Institution for publishing and Studies. Beirut.

Mustafa . Faeq (d). (2008). The Magic of Narration Studies of Novel, Short Story, Verse Series . First edition . Arabkha Publishing . Kirkuk.

Najm, Muhammad Yusuf (1959). Art of Story . Third Edition . Beiroet Printing House. Beirut.

**4.2.2 Academic Thesis**

Ahmed, Zawy. (2015). Structural basis on Novels of (Muhammad Muflah).Dissertation thesis . College of Arts. Oran University .

Algeria republic.

Al-Ani, Shuja Muslim Daghim. (1987). Structural Arts in Arabic Novels in Iraq.Ph.D. Thesis. College of Arts. Bagdad University

**4.2.3 The Glossary**

Ibn al-Manzur, Abu al-Fadl Jamaldin Muhammad bin Makram bin Ali al-Ansari. (1997). Arabic language. Second Volume. Dar Sader. Beirut.

Prins, Gerald. (2003). Narrative Dictionary. Translated by : Sayed Imam. First edition.Merit House.

Alloush, Said. (1985). Lexicon of Modern Terms. First Edition .Lebanese house for Printing. Beirut.

Abdelnour, Jabbour. (1984). Art lexicon . Scientific house . Beirut-Libanon.

**4.3 Persian References**

Sadeghi, Jamal Mir. (1385) Elements of the epic . Sakhn Publishing House Chapter Five Bahman Printing House Tehran.

## تقنية الحوار في رواية
## (النار من تحت التبن) لـ(سعيد ناكام)

**د. ژوان عبدالسلام عزيز**
كلية التربية شقلاوة – قسم الكردي / جامعة صلاح الدين– أربيل

**المستخلص**

سعى هذه الدراسة إلى تحليل تقنيات الحوار في رواية ( النار من تحت التبن ) لـ(سعيد ناكام) وبيان فاعليتها واهميتها في تقديم الشخصيات ، لأن الحوار يعد أحد الركائز الأساسية للأحداث في الرواية. يبين نمط تفكير الشخصيات، ومعيشتها، ومستواها الثقافي ، ودرجة نضجها في الرواية بصورة عامة، لذا فإن أسلوب الحوار في رواية (النار من تحت التبن) يكشف عن كل ذلك و يقدم فيها سعيد ناكام الرسائل السياسية والاجتماعية من خلال الحوار الدائر بين الشخصيات في روايته. ولهذا الغرض تضم الدراسة مبحثين، المبحث الاول: مخصص للجانب التنظيري المعني بإيراد ( التعريف والتاريخ

واللغة وأهمية الحوار )، والمبحث الثاني: مخصص للجانب التطبيقي فيهتم بتحليل الشخصيات وانماطها من خلال أساليب الحوار في الرواية ، وتنتهي الدراسة وتُختتم بخاتمة مودع فيها أهم الاستنتاجات ومسرد بأسماء المصادر والمراجع.

**الكلمات المفتاحية:** تقنية ، حوار ، رواية ، نار تحت التبن ، روائي (سعيد ناكام).